# کوردەکان.. بابەتێکی تاقیکردنەوە بۆ ئەردۆغان

سیریل شتیگر
و. لە ئەڵمانییەوە: هیوا ناسیح
hiwanaseh@hotmail.com

سەرنجێک: ڕۆژنامەی (NZZ)ی ئەڵمانیزمان، کە یەکێک لە پڕفرۆشترین ڕۆژنامەکانە لە تەواوی ئەوروپادا و ٢٢٨ ساڵە بە بەردەوامی دەردەچێت، ئەم بابەتەی لە سەرەوەی لاپەڕەی یەکەم و بە نەخشەی کوردستانی گەورەوە بڵاو کردەوە. هەرچەندە بە داخەوە لە چەند جێگایەکدا گەریلاکان بە تیرۆریست ناوزەد دەکات، بەڵام ئەمانە ڕای نوسەرن و ناکرێت چاو لە گرنگی وتارەکە بپۆشین. بە تایبەت کە لە ئەوروپادا ڕای جیاواز لە سەر پ‌ک‌ک‌ا هەیە و ئەوەی هەمووان لە سەری کۆکن مافەکانی کوردە وەک نەتەوەیەک لە تورکیادا، کە جێگەی دڵخۆشییە. لەبەر گرنگی وتارەکە بڕیارمدا بیکەمە کوردی. مەبەستی سەرەکیشم گەیاندنی ڕای جیاوازی نوسەرانی ئەوروپایە بە خوێنەران. (وەرگێڕ)




پێکدادانە نوێیەکانی ئەم دواییەی نێوان سوپای تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان (pkk) هەروەها هەڕەشەکانی ئەنقەرە، بە هێرشبردنە ناو باکوری عێراقەوە، بۆ جارێکی تر ململانێی نێوان کورد و تورکەکانی لە ناوخۆی تورکیاشدا دەمەزەرد کردەوە. وەک هەمیشە، کاتێک (تا)یەکی ناسیۆنالیستی وڵات دادەگرێت و بەشێک لە سوپا و ڕاگەیاندنیش ئاگری شەڕ خۆش دەکەن، کەمایەتی کورد دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکەیەوە. ئیتر بە زۆری ڕەوشەکە وای لێدێت، کە هەموو کوردەکان لەگەڵ پ‌ک‌کای توندڕەودا دەخرێنە سەبەتەیەکەوە.

بۆ سەرکردەکانی سوپا کێشەی کورد تەنها لە مەسەلەی تیرۆری یاخییەکان (شۆڕشگێڕەکان)دا کورت دەبێتەوە و خۆی دەبینێتەوە، کە ئەمەش هەر دەبێت بە ڕێگەچارەی سەربازی یەکلایی بکرێتەوە. ئایا لەشکری تورکیا هێرشێکی بەرفراوان لە باکوری عێراقدا ئەنجام دەدات یان سنوردار و دیاریکراو بۆ پێگەکانی پ‌ک‌کا دەبێت، بە تەنها ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئامانج ناپێکێت. هەروەکو چۆن ئۆپەراسیۆنەکانی پێشوتریش بۆ ناو وڵاتە دراوسێکەی ئەنجامێکی دڵخۆشکەری وایان نەبووە.
کێشەی کورد لە مەسەلەی تیرۆریستەکانی پ‌ک‌کا زیاتر و دوور تر دەڕوات و دەکرێت تەنهاش لە ڕێگەی زیاتر دیموکراتیزەکردنی وڵات و کۆمەڵگاوە بەرەو خاوبوونەوە بچێت. زۆر لەو ١٥ ملیۆنەی کوردی تورکیا، کە لەوانیش بە پێی مەزنە نزیکەی زیاتر لە نیوەیان لە شارەکانی دەرەوەی ناوچەکوردیەکان لە ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵاتی وڵاتدا دەژین، خۆیان وەک هاوڵاتی پلە دوو دەبینن. ئەمانە دەکرێت بە هێڵی یەکەم دابنرێن (لە کاتی کێشەکان و گرژییەکاندا ـ و.).

## یەک وڵات، یەک نەتەوە

ململانێ و کێشە لەگەڵ کەمایەتی کوردەکاندا هەمیشە دووبەرەکی خستۆتە ناو کۆمەڵگای تورکییەوە و کەشوهەواکەی ژەهراوی کردوە. سەرەتاکەی ئەمە بۆ دروستبوونی دەوڵەتی تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣ لە لایەن موستەفا کەمال ئەتاتورکەوە دەگەڕێتەوە. لە کۆڵەکە بنچینەییەکانی ئەم دەوڵەتە کۆمارییە، کە لە سەر داروپەردوی ئمپراتورییەتە فرە نەتەوەییەکەی عوسمانییەکان بنیادنرا، بریتیە لە یەکێتی وڵات و نەتەوە. ئەمەش بە دەربڕینی ئێستا و لە سەردەمێکی زووشەوە بە تۆرانییەت (تورکچێتی) ناسراوە و پەیوەستە. کە تورکەکان درەنگ بە ئاگاهاتن و شوناسی نەتەوەیی خۆیان دۆزییەوە, بەوەی کە پاش شەڕی یۆنانییەکان و تورکەکان لە مانگی حەوتی ساڵی ١٩٢٣ و لە میانەی ڕێککەوتنی لۆزاندا، تەنها گروپە ئاینییە ناموسوڵانەکان بە حاڵەتی کەمایەتیی ناسران و تا ڕادەیەکی زۆر بە مافەکانیان گەیشتن، کە تا ئەمرۆش بە ناتەواوی جێبەجێکراوە و پەیوەست نەبوونە پێوەی. کوردەکان، کە موسوڵمانن، لەوێدا باسێکیان لێوە نەکرا.
بە پێی تێگەیشتن و ئەقڵیەتی کەمالیستی لە وڵاتە یەکپارچە و گەلە یەکنەتەوەییەکەیاندا بە گشت ئەو فرەڕەگەزی و فرەئیتنییەوە، بە کوردەکانیشەوە، هەموو تورکی موسوڵمانن. لە پشت داواکاریەکەی کوردەکانەوە بۆ مافی کولتوری زیاتر و یان ئۆتۆنۆمیی، زۆر لە تورکەکان بۆنی ئەوەی لێ دەکەن، کە هەوڵێکە بۆ پارچەپارچەکردنی یەکێتی خاک و وڵات. کوردەکان، کە سورن لە سەر مافەکانیان وەک کەمەنەتەوەیەک، هەمیشە ناوی (جوداخواز)یان بە سەردا دابڕاوە و دەبێت چاوەڕێی سزای قورس بکەن. بەڵام ئەو کوردانەی، کە ئامادەن حاشا لە رەگەز و نەتەوەکەیان بکەن و خۆیان بتوێننەوە، لە تورکیادا هەمیشە ئەگەری پێشکەوتن و بەرزبوونەوەیان لە حکومەت، کۆمەڵگا، ئابوری و ڕۆشەنبیریدا هەیە.

لە کۆتایی حەفتاکاندا پارتی کرێکارانی کوردستان دروستکرا، ئامانجیان لێکهەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە دەرەبەگییەکان لە باشوری رۆژهەڵاتی وڵاتدا و دروستکردنی کۆمارێکی سۆسیالیستی کوردستان بوو. ئەوەندەی پێنەچوو کە پەرەی سەند بۆ شەڕێکی خوێناوی لەگەڵ سوپای تورکیادا. لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٤ تا ١٩٩٩ زیاتر لە ٣٥ هەزار کەس ژیانیان لە دەستدا. زۆر لە گوندی کوردەکان وێران کرا، دانیشتوانەکانیان بەرەو شارەکان کۆچیانکرد یان دەربەدەر بوون. پاش قۆناغێکی ئارامی جارێکی تر لە ساڵی ٢٠٠٤دا ئاگری شەر دیسان هەڵگیرسایەوە. ئەمرۆ پەکاکا داوای ئۆتۆنۆمی زیاتر بۆ کوردەکان دەکات. ئەگەری ئەوەی وڵاتێکی سەربەخۆ، کە ناوچەکوردنشینەکانی تورکیا، باکوری عێراق، ئێران و سوریا بگرێتەوە، هەر لە سەرەتای دروستبوونی وڵاتە نەتەوەییەکانەوە لە ناوچەکەدا ناواقعی بووە.

## چاکسازییە نابەدڵییەکان

ئەردۆغانی سەرۆکوەزیران لە هاوینی ٢٠٠٥ دا وەک یەکەم سەرۆک حکومەتی تورکیا بە ڕاشکاوی و بێ پێچوپەنا قسەی لەو بارەوە کرد، کە لەو وڵاتەدا کێشەی کورد بوونی هەیە. ئەم وتەیە لە نێوەندەکانی ناسیۆنالستی و سوپادا گرژی و ئاڵۆزییەکی دروستکرد. بە تەنها گفتوگۆکردن لە بارەی دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی هاووڵاتی بوونی کوردەکان و پێناسەکردنەوەی نەتەوەی تورک، بۆ کەمالیستییەکان بە مانای ناپاکی (خیانەت) کردن بەرامبەر بە پرەنسیپەکانی ئەتاتورک دێت، کە ئەوان خۆیان بە پارێزگارێلێکەری دادەنێن.

حکومەتی ئەردۆغان پاش هاتنە سەرکاری لە مانگی سێی ٢٠٠٣ دا و لە میانەی چاکسازی بۆ خۆنزیککردنەوە لە ئەوروپا هەندێ کاریکرد، بۆئەوەی ڕەوشی کوردەکان باشتر بکات. ڕێگا درا بەرنامە بە زمانی کوردی لەتەلەفزیۆن و ڕادیۆی فەرمی حکومەتەوە پەخش بکرێت، هەرچەندە لە ڕاستیدا کاتەکەی زۆر سنورداره.

کوردەکان دەتوانن بە زمانی دایک وانە بخوێنن، هەڵبەت نەک لە خوێندنگە حکومییەکاندا. بەڵام کوردی بە فەرمی وەک زمانی دووەم نەناسراوە. هەروەها لە هەڵبژاردنەکانی ئەمدواییە لە مانگی حەوتدا کاندیدە کوردەکان توانیان بگەنە پارلمان، کە نوێنەرایەتی هۆشیاری نەتەوەیی و شوناسی ڕەگەزی کوردی دەکەن. ئەمان دەبوایە وەک کاندیدی بێلایەن خۆیان دەربخەن، سەرەڕای ئەمەش چەند مانگێک لەمەوبەر پۆلیس دایبەسەر نوسینگەی پارتەکەیاندا و سەرکردە سیاسییەکانیانی دەسگیرکرد.
ئەوەی کە هێشتا و تا ئەمڕۆش کوردەکان هیوایان لە سەر هەڵچنیوە ئەردۆغانە، نەک پارتە کوردییەکەی ناو پارلمان وە هەرگیزیش پێکاکا نا. لای کەی تا گرژییەکانی ئەم دواییە ئاوایە. پارتەکەی سەرۆکوەزیران توانی لە هەڵبژاردنەکانی مانگی حەوت لە ناوچە کوردنشینەکاندا دەنگێکی زۆر بباتەوە. هەرچەندە باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا بنکەی فراوانی جەماوەری و پشتیوانیکەری پێکاکا یە، بەڵام ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان وامان پێ دەڵێن، کە کوردێکی زۆر هەیە هیوایان بە حکومەتە بۆ مافی زیاتر و بوژاندنەوەی ناوچە پشتگوێخراوەکەیان لە روی ئابورییەوە. هەرچەندە بە بۆچوونی زۆر لەوان ئەو چاکسازی و کارانەی تا ئێستا لە ناوچەکەیاندا کراون زۆر کەمن و دەبوایە زۆر زیاتر بکرایە. زۆر لە کوردەکان هیوایان لەسەر ئەو خۆنزیککردنەوەیەی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا هەڵچنیوە، کە لە نێوان ساڵانی (٢٠٠١ و ٢٠٠٥)ەوە دەستی پێکردوە، تا لە کۆتاییدا وەک و تورکزمانەکانی ناو تورکیا هەمان مافیان هەبێت. بەڵام دەکرێت ئەم هەڵوێستەی کوردەکان گۆڕانکاری بەسەردا بێت، ئەگەر بێت و ئەردۆغان سەرکەوتوو نەبێت لەوەی، کە بە ئەو سستی و خاوبونەوەیەی لە پرۆسەی چاکسازییەکاندا هەیە، ژیانێکی نوێیان بۆ دەستەبەر بکات.
سیاسەتی ئەردۆغان بەرامبەر بە کوردەکان پڕیەتی لە هاودژی و ناکۆکی (تناقض). یاساکانی کە بۆ باشتر بوونی ڕەوشی کەمینەکان دەرکراوە بە زۆری لە بواری پراکتیکدا جێبەجێ نەکراوە. بە ناتەواوی و خراپی شرۆڤە کراوە یان دیسانەوە بە پێی قەید و بەندی نوێ سنوردار کراوەتەوە. کوردەکان ئێستاش وەک لەمەوبەر بە نەتەوەیەکی جیا و سەربەخۆ دانیان پێدا نەنراوە، کە دەبێت لە لایەن دەوڵەتەوە بپارێزرێن و سودیان پێبگەیەنرێت.

## یەکێتی و تەباییەکی بەهێز

هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ کوردەکاندا تاقیکردنەوە (امتحان)ێکە بۆ ڕاستی و دروستی (جێگەباوەڕیی) دیموکراتییەکەی ئەردۆغان. ئەگەر ئەو توانیتی لە تورکیادا، کە کەمینەی کوردەکان زیاتر تێکەڵ (ئاوێزان) بە حکومەت بکات و ڕەوشی کارەساتباری ئابوری و کۆمەڵایەتی لە باشوری ڕۆژهەڵاتی وڵاتدا باشتر بکات، ئەوکاتە ئەو هێزی کێشکردنەی حکومەتی هەرێمی کوردەکان لە باکوری عێراقدا لە سەر کوردەکانی تورکیا هەیەتی، دەیدۆڕێنێت و نامێنێت. ئیتر ئەو کاتەش دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە وڵاتە دراوسێکەیاندا هەڕەشە و مەترسییەک نابێت بۆ سەر سەقامگیریی تورکیا. بەخشینی مافی کەمەنەتەوەیی لە تەواوی بوارەکاندا تەبایی و یەکێتی وڵات ناخاتە مەترسییەوە، وەک کەمالیستەکان ئیدیعای بۆ دەکەن، بەڵکو یەکێتییەکە پتەوتر دەکات.
دەبێت هیوای ئەوە هەبێت، حکومەتەکەی ئەردۆغان، کە ڕێژەی زۆرینەی گونجاوی لە پارلماندا هەیە، ئازایەتی ئەوەی تیابێت، سیاسەتی کەمەنەتەوەکانی خۆیان بە پێی ستانداردی ئەوروپی، سەرەڕای ئەو ناڕەزایەتیی و دەرهاویشتانەی لێی دەکەوێتەوە، ڕێبەری بکەن و ئەنجامی بدەن.

-------------------

**سەرچاوە**/ ڕۆژنامەی (NZZ) Neue Züricher Zeitung چاپی سویسرا ڕۆژی ١٠ی نۆڤەمبەر ٢٠٠٧.
www.nzz.ch

**تێبینی**: ئەم بابەتە لە رۆژنامەی ئاوێنە ژ (٩٧)ی ٢٧ /١١/ ٢٠٠٧ دا بڵاوکراوەتەوە.